سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٤٦٥٣ لە ٢٠٢٤/٤/٧

بڕیاری
ژمارە (٢٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، و لەسەر پێشنیاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لەسەدا بیستی کرێی خوێندنی پارالێڵ و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرباری ئەو ڕێژەی داشکاندنانەی پێشتر کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە بڕیاریان لەسەردراوە.

٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران